# له نزیک ڕووباری ئاڕنۆ

دڵشاد عەبدوڵلا

به دیواره غـەمگینەکەی ناسیمـەوە: مـاڵی دانتی –یە.
به کەلوپەلـەکانی،
به بۆنی خشـتـەکانی،
به جله قـەدکراوەکانییـەوە دیار بوو، مـاوەیەکی کەم لێره
ژیاوه
دواتر،
مـاڵی ڕاسـتـەقینـەی گواسـتۆتەوە بۆ دەربەدەریی و
کۆمیدیا.

فلۆرەنسـه کەشـتییەکه له ئەزەلەوه بەسـەر پشـتی
(ئاڕنۆ)وه
نه کەشـتی ڕزیوه، نه پشـتی ئاڕنۆ شـکاوه.
فلۆرەنسـه ژنێکه و ئەڤین له باوەشیدا بۆته بەرد
لەسـەر ئەو بەرده دانراوه بناغـەی کڵێسـاکانی
لەوەتەی هـەیه بەدوای بێچووەکانییـەوەیه،
خڕ نابنەوه ژێر هـەیوانی.
ئەوه تۆی، برادەری هـەموو تەمـەنم، تۆی دانتی؟
ئەوه تۆی مـەشـخـەڵی ئیمانی شیعرم، ئەوه تۆی؟
ئەوه تۆی به کەوای سـوورەوه لەپێش لەشـکری زمانی
ئەوه تۆی گەمییەوانی مـەعلانی بەهەشـت و دۆزەخی
ئەو بەلـەمـه بەردینه ڕادەدەی بەرەو کوێ؟

مـەنجـەنیق داخرا له کەنار ئاڕنۆ
بەو ئاگره نەسـووتا، ئەو گۆشـت و ئێسـقانه
ئەو خـەنینەوه و گریانه
ئیمانم به وشـه هێنا لەسـەر دەسـتی،
ئیمانم هێنا لای دانتی.
هێشـتا له هـەڕەتی لاویدابوو که له شـاری خوا پەڕییەوه
هێشـتا نەگەیشـتبوو به بیاتریس له جۆگەی شیردا
دۆزییەوه
پونگی خولیا شین بوو له دەوری جۆگەدا.
شـانەیەکی هـەنگوینم دۆزییـەوه له قـەدی کێو
ئەو کێوەم ناونا کۆمیدیا
ئەو شـانەیەش بیاتریس



بە خواستی خۆم بە دۆزەخدا سووڕامەوە
بەزەییم هاتەوە بە گوناهکاران
بەلادەر و تاوانکاران
بە خواستی خۆم مامەوە لایان
عەزابی هەموویانم دی
پەشیمانیی هەموویانم دی
لە دڵەوە تێر گریام بۆیان
هەرچی هەبوو لە مەزموور و مۆسیقا ژەنیم لە بۆیان.
هێزی ئازادی هەر تەنیا ناخ پاک ناکاتەوە
دێتەخوار تا دوورترین دەمار.
گەرا دادەنێ لەبن چی پەلکی خەفەتە،
لەسەر کام چڵی تەنیایە
کە ئاسۆی پشکوتنی لێ گیرایە.

بە زیندوویی نەسووتا دانتی بە حوکمی کڵێسا
بە عەزابی خۆی گڕی گرت
لە بۆتەی شۆڕشدا
لە ماڵی دانتی –دا
غەریبی هەموو پێغەمبەرەکان لەوێ بوو
جاویدانی هەموو شاعیرەکان لەوێ بوو.
جەڕەی فرمێسکی کەتیرە بە تەنیشت یەکەوە
هەر لە سافۆوە هەتا هی فرووغ
ڕوحی بیاتریس باوەشێنی دەکردن.

لە هەموو گڵێنە شینەکاندا ڕەنگێکی بیاتریس هەیە
لە هەموو گۆنە بەفرینەکاندا سپیاتییەکی بیاتریس هەیە
گەندەمووی نێوان دوو مەمکیش ئەندێشەیان
شیلەی سەر لێویش تام و نەشئەیان
کەمێکی هی خۆیانە، ئەوەی تر هی بیاتریس

فلۆرەنسە لەسەر پشت ڕاکشاوە
دەستێک سەروقژی دادێنێ
بەمووی سەرپەنجەی ناسیمەوە: دانتییە.
چۆن ببمە دەمارێک لەو دەستە؟
چۆن ببمە شەماڵێک لەو دەشتە؟
یارمەتیم بدە ئەی شیعر! یارمەتیم بدە
بەپێ خاوسی ئەو پیرە کەوتۆتە کێوان،
یارمەتیم بدە
ببم
بە پێڵاوی.

**فلۆرەنسە ٢٠١١**